# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## باڵندەی هەنگوین شاندەر

Skrevet av: Zulu folktale
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.no

# باڵندەی هەنگوین شاندەر



Zulu folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 4



ئەم چیرۆکە باس لە نگیدە، باڵندەیەك دەكات كە شوێنی مێش هەنگەكان پێدەزانێ و هەروەها باس لە پیاویكی چاوچنۆك دەكات بە ناوی گینگیلە. جارێكیان كە گینگیلە چووبووە دەرێ بۆ ڕاوكردن گوێی لە دەنگی نیگدە بوو. گینگیلە ئاوی لە زاری دەتكا كاتێ بیری لە هەنگوین دەكردەوە. ئەو ڕاوەستا و بە ووردی گوێی ڕاگرت و ئەوەندە گەڕا تا ئاخرەكەی نگیدەی دۆزیەوە كە لە سەر درەختێك بوو. جیك – جیك- جیك- گەڵاكان بە هۆی جوڵەی باڵندەكەوە دەلەرانەوە كاتێك لەسەر ئەم درەخت بۆ سەر ئەودرەخت دەفڕی. ئەو هەر جیك- جیك- جیكی دەكرد، و هەموو جارێك ڕادەوەستا بۆ. ئەوەی دڵنیا بێتەوە كە گینگیلە بە دواى دا دێت.



دوای نیو کاتژمێر، ئەوان گەیشتنە لای درەختێکی هەنجیری کێوی.
نیگدە زۆر بە سەرشێتانە لە سەر لقی درەختەکان دەفڕی. دواتر لە
سەر لقی درەختێك گیرسایەوە وسەری بۆ لای گینگیلە سوڕاند و وەك
ئەوەی پێی بڵێ، ئێستا وەرە ئێرە! بۆچی ئەوەندە چاوەڕێ دەکەی؟.
گینگیلە هیچ مێش هەنگوینێکی لە خوارەوەی درەختەکە نەدی، بەڵام
باوەڕی بە نیگدە کردبوو.



لەبەرئەوە گینگیلە نێزەکەی لە خوارەوەی درەختەکە دانا، وهەندێ چیلکەی کۆ کردەوە و ئاگرێکی بچوکی کردەوە. کاتێ ئاگرەکە خۆش بوو، دارێکی ووشکی خستە ناو ئاگرەکە، ئەو دارە بەوە ناسراوە کە دوکەڵ زۆردەکات. ئەو سەرێکی دارەکەی بە ددانی گرت و سەرەکەی دیکەشی ئاگری دەگرت و دوکەڵی لێ هەڵدەستا، لە هەمان کاتدا بەسەر درەختەکە وەسەردەکەوت.



زۆر زوو دەنگی ویزەویزی مێش هەنگەکانی بیست. ئەوان لە ناو قرۆڵی درەختەکە خەریکی هاتووچۆ بوون. کاتێ گینگیلە گەیشتە سەر شانە هەنگەکە، بە دارەکەی دەستی کە سەرێکی دەسوتا شانەی مێش هەنگەکانی وورژاند. مێشەکان کە زۆر تورەو ولاسار بوون زۆر بە خێرای لە کونەکە دەرپەڕینە دەرێ. ئەوان لە بەر بۆنی دوکەڵەکە ڕایان دەکرد، بەڵام بەرلە ڕۆشتنیان چەندین جار چزوویان لە گینگیلە هەستاند.





و لەبەرئەوە، لەوکاتەوەی منداڵەکانی گینگیلە چیرۆکی نیگیدەیان بیستووە، زۆر ڕێز لەو باڵندەیە دەگرن. هەرکاتێ هەنگوین هەڵدەگرنەوە، هەوڵدەدەن زۆرترین بەشی شانە هەنگوینەکە بدەن بە باڵندەی هەنگوین شاندەر.



کاتێ کە مێش هەنگەکان لە دەرەوە بوون، گینگیلە دەستی درێژ کردە ناو کونی مێش هەنگەکان. ئەو شانەیەکی گەورەی هەنگوینی کە شیلەی لێ دەتکاو وپڕ بوون لە مێش هەنگوین بچووك هێنایە دەرێ. ئەو زۆر بە ئەسپای شانەکەی خستە ناو کەیسەکەی سەر شانی. و دواتر لە درەختەکە هاتە خوارێ.





بەرلەوەی پڵینگەکە زیان بە گینگیلە بگەیەنێ، ئەو بە خێرای ڕای کرد و لە درەختەکە هاتە خوارێ. لەبەرئەوەی زۆر شڵەژا بوو، دارەکەشی وون کرد، لە کاتی هاتنە خوارەوەی لە سەر درەختەکە زۆر بە توندی کەوتە سەر زەویەکە و گووزەکی پێی لە جێ چوو. بەڵام بە هەموو توانایەوە بە شەلە شەل بۆی دەرچوو. لە بەختی باشی ئەو پڵینگەکە زۆر خەواڵو بوو و بۆیە شوێنی نەکەوت. نیگیدە، باڵندەی هەنگوین شاندەر، تۆڵەی خۆی کردەوە. و گینگلیەش وانەیەکی چاکی وەرگرت.



نیگیدە زۆر تامەزرۆیانە تەماشای کارەکانی گینگیلەی دەکرد. ئەو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە گینگیلە بێتە خوارێ و پارچەیەك هەنگوینی وەکوو پاداشت پێ بدات. نیگدە خێرا خێرا لە سەر ئەم لەق بۆ سەر ئەو لەق دەفڕی، و کەم کەم لەسەر زەویەکە نیشتەوە. گینگیلە لە سەر درەختەکە هاتە خوارێ. نیگیدە لە سەر بەردێکی گەورە چاوەڕێی پاداشتەکەی دەکرد.





گینگیلە بەسەر کەوت، سەیری لێ دەهات بۆچی هیچ دەنگی وزە وزی مێشەکان نایەت. لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە، لەوانەیە شانە هەنگوینەکە لە ناو قولَای قەدی درەختەکەدا بێت. ئەو بەسەر کەوت بۆ سەر لقێکی دیکە. بەڵام لە جیاتی شانەی مێش هەنگ، دەموچاوی پڵینگێکی بینی! پڵینگەکە زۆر تورە بوو کە ئاوا خراپ لە خەو هەستابوو. چاوەکانی زەق کردەوە و زاری ئاوالَا کرد و ددانە تیژەکانی دەرکەوتن.



بەڵام گینگیلە ئاگرەکەی کوژاندەوە، نێزەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵ ڕۆشتەوە و هیچ گوێی بە نگیدە نەدا. نیگدە بە تورەیەوە ووتی، ڤیکتور ڤیکتورا! گینگیلە ڕاوەستا و چاوی لە باڵندەکە دەکرد و پێدەکەنی. تۆ کەمێك هەنگوینت دەوێ هاوڕێی من؟ ئەرێ! بەڵام هەموو کارەکان من بۆخۆم کردوومە، ئەو هەمووەیەم پیوەدراوە لە لایەن مێش هەنگەکانەوە. بۆ دەبێ ئەم هەنگوینە بە لەزەتە لە گەڵ تۆ بەش بکەم؟ دواتر بەردەوام بوو لە ڕۆشتن. نیگدە زۆر تورە بووا ئەم ڕەفتارە کارێکی باش نەبوو لە گەڵ نیگدە کردی! بەڵام گینگیلە دەبێ سزای ئەم کارەی وەربگرێ.





چەند هەفتە دواتر ڕۆژێکیان دووبارە گینگیلە گوێی لە دەنگی نیگدە بوو. ئەو هەنگوینە بە لەزەتەکەی بە بیر هاتەوە، و جارێکی دیکە بە خۆشحاڵیەوە شوێن باڵندەکە کەوت. نیگدە بە درێژای دارستانەکە ڕێگەی بە گینگیلە نیشان دەدا، تا ئەوەی لە کۆتایدا لە سەر لوتکەی درەختێکی گەورە نیشتەوە. گینگیلە بیری کردەوە، ئەهها! شانە هەنگەکە دەبێ لێرە بێ. ئەو بە خێرای ئاگرێکی کردەوە و بە سەر درەختەکە بەسەر کەوت، و دارێکیشی بە ددانی گرتبوو. نیگدەش لە سەر لقی درەختەکە هەڵنیشتبوو و تەماشای دەکرد.